بـــەش: یاسا- وەرگێڕان

ســـكولّ:

زانـــكۆ: جیهان- سلێمانی

بـــابەت: كـوردۆلۆجی

كۆرســـبووكی قـۆنـاغـی: یــەكـەم

نـــاوی مـــامۆســـتـا: م. بێســـتون عـــارف عـــەزیز

ســـاڵی ئـــەكـادیمی: ٢٠٢٢/ ٢٠٢٣

| | |
|---|---|
| ١. ناوی كۆرس (وانە) | كوردناسیی |
| ٢. مامۆستای وانە | م. بێستون عارف عەزیز |
| ٣. سكوڵ / بەش | یاسا- وەرگێڕان |
| ٤. پەیوەندیپێوەكردن | ئیمەیل: bestun.aziz@sulicihan.edu.krd<br>تێل: 07712427575 -07501963535 |
| ٥. كات (بە كاتژمێر) لە هەفتەیەكدا | (٢) كاتژمێر لە هەفتەیەكدا |
| ٦. كاتەكانی كاركردن | (٩:٠٠ - ٣:٠٠) |
| ٧. كۆدی كۆرس | ــــــــ |
| ٨. فایلی ئەكادیمی مامۆستا | |
| ٩. كلیلە وشە | |

**١٠. تێڕوانینی گشتی بۆ كۆرسەكە:**

ئەم كۆرسە، كەتێیدا وانەی كوردناسی دەخوێنرێت، یەكێكە لەو وانانەی كە بۆ ڕۆشنبیری تاكی كورد زۆر پێویستە، چونكە هەموو دەرچوێكی زانكۆ دەبێت شتێك دەربارەی مێژوو و جوگرافیا و زمان و ئەدەب و كەلتوور و تێگەیشتنی میللەتەكەی خۆی بزانێت.

هەر لەم بابەتەدا كۆمەڵێك زانیاری كە پەیوەندییان بە مێژووی میللەتانەوە هەیە باسدەكرێن، وەك جەنگی یەكەم و دووەمی جیهانی، ڕێنیسانس و شۆرشی پیشەسازیو...هتد.

هەندێك چەمكی وەك جیهانگەریو ئایناسی و عەلمانیەتو...هتد پێویستە باسبكرێن.

**١١. ناوەڕۆك و گرنگی كۆرسەكە:**

خوێندكاری ئازیز ئەم كۆرسە:

سەدەكانی پێشوو سەدەی، گرنگیدانبوون بە زیندووكردنەوەی هەستو سۆزی نەتەوایەتیو ئاوڕدانەوە لە مێژوو و زمانو ئەدەبو جوگرافیای نەتەوەكان. كوردیش وەك نەتەوەیەك پاش چەندین ساڵ چەوساندنەوەو ڕاگواستنو بە عەرەبكردنو هەوڵدان بۆ گۆڕینی نەژادو دیمۆگرافیای كوردستان. لەلایەن ڕژێمە یەك لە دوای یەكەكانی عێراقەوە.

وەختبوو توشی شێواندنی کلتوورو مێژوو و زمانو ئەدەبو جوگرافیای نەتەوەو وڵاتەکەی بێت.

هەرچەندە لەم زەمەندا سیستەمی نوێ جیهان (جیهانگەری) هەموو سنورەکانی تێپەڕاندووە، یان دەتوانین بڵێن هەوڵی بە گوندکردنی جیهانی داوە. لەم نێوەندەشدا کلتوور و دابونەریتی گەلان تووشی هەڵوەشان و داتەکین بووە.

لەگەڵ هەموو ئەم ڕاستیانەشدا ناکرێتو ناگونجێت، نەوەی نوێ بێئاگابێت لە مێژوو و زمانو ئەدەبو جوگرافیای نەتەوەکەی. لەم سۆنگەیەوە ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنی خوێندکار بە کلتووری گەلەکەی، ئەوەندەی کات ماوە بداتو فرسەت هەبێت، لە درێژەی ئەم ساڵی خویندندا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە. کەبرتین لە: ئامانجەکانی ئەم بابەتە:

ئەم بابەتە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، کە ئەوانیش:

1- مێژووی کورد چییەو لە کەیەوە دەست پێدەکات؟
2- بۆچی مێژووی کورد درەنگ نووسراوەتەوە؟
3- لێکولینەوە لە زمانو ئەدەبی کوردی کەی دەستی پێکردووە؟ ئایا نووسراوەتەوە یان نەخێر؟
4- کلتوورو دابونەریتی گەلی کورد ڕەنگیداوەتەوە لە ئەدەبەکەیدا یان نەخێر؟

### ١٢. *ئەرکەکانی خوێندکار:*

خوێندکاران، ئەرکیان بریتییە لە ئەوەی، کە لە نێو پۆلدا ئامادەبن و بەشداری بکەن لە گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکە و پرسیار بکەن، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی زیاتریان لە بابەتەکە هەبێت، هاوکات پێویستە خوێندکاران سیمیناری تایبەت لە چوارچێوەی بابەتەکەدا پێشکەشبکەن، دوای پێشکەشکردنی سیمینارەکەیش، بە پرسیار و وەڵام زیندوێتی زیاتر بە وانەکان بدەن.

### ١٣. *فۆرمەکان (کەرەستەکان)ی فێرکردن:*

بەکارهێنانی تەختەسپی و بەکارهێنانی ماجیکی ڕەنگاوڕەنگ و وێنەو نەخشەی کوردستانی گەورەو هێنانەوەی نموونە بۆ شیکردنەوەی بابەتەکە، لەگەڵ ئەمانەیشدا بەکارهێنانی پاوەرپۆینت بۆ شیکردنەوەی وانەکان، هاوکات هێنانی کتێبە کۆنەکان و

پیشاندانی وێنەی دەستنووسی کۆنی میللەتانی کۆن، لە ڕێگەی پاوەرپۆینت یان پیشاندانی کتێبەکان بەشێوەکی ڕاستەوخۆ، ئەمەیش وادەکات ئەو زانیاریانەی دەیبستن و وەریدەگرن زۆر درەنگ بیریان بچێتەوە، وێڕای ئەوەیش ویستی گوێگگرتن و بەئاگابوونی زیاتر لای خوێندکاران دروستدەکات.

### ١٤. زانیاریی ئەسایمێنتەکان (ئەرکەکان):

نمرەی هەردوو کۆرسەکە بە ئەم شێوەیە دابەشدەکرێت:

**یەکەم:** (٣٠) نمرە، بۆ وەرزی یەکەم، واتە تاقیکردنەوەی پێش کۆتایی ساڵ.

**دووەم:** (١٠) نمرە، بۆ چالاکییەکانی پۆل، وەك بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، ئامادەکردنی ڕاپۆرت، پێشکەشکردنی سیمینار...هتد. هاوکات دوای خوێندنی چەند وانەیەك، وانەیەك بەشێوەی گرووپین دەگوترێتەوە، بۆ ئەوەی ئاستی تێگەشتنیان لە بابەتەکە زیاتر ببینرێت و ئەوەی خوێندویانە، دووبارە پێکەوە گفتوگۆی لەسەر بکەن، بۆ ئەوەی بیریان نەچێتەوە و لە داهاتوودا سودی لێببینن. لێرەشدا توانای خوێندکار و ئارەوزییان بۆ وانەکە زیاتر ڕووندەبێتەوە.

### ١٥. ئەنجام و دەرهاویشتەی فێرکردنی خوێندکار:

لە ئەم کۆرسەدا، ئامانج ئەوەیە، خوێندکار بە شێوەکی زانستی تەماشای نێو مێشکی خۆیی و تەماشای دەوربەرە کۆمەڵاتییەکان و بازنەکانی پێوەندییەکانی چواردەوری بکات بە شێوەیەکی زانستی، مامەڵە لەگەڵ کاتی ژیانی بکات، پلان بۆ ژیانی زانستی و ژیانی ڕۆژانە دابنێت، چونکە کوردناسی، بابەتێکە تێتدەگێنێت، کە بۆچی کورد کیان و دەوڵەتی نییە؟ خۆ خۆر و ڕەنج بەخەسارە؟ دەستەموو بەکارهێنراوە.

### ١٦. لیستی کتێبە پێویستەکان و سەرچاوەکان:

- **سەرچاوە سەرەکییەکان:**


- فەرهاد پیربال، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی٢٠٠٩.
- لوقمان ڕەوف، کوردۆلۆجی- زانستێک بۆ ناسینی نەتەوەی کورد، چاپخانەی دێکان، سلێمانی٢٠١٧.
- ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی، کوردۆلۆجی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی سێیەم، سلێمانی٢٠١٣.

- سەلام ناوخۆش- ئیدریس عەبدوڵڵا- نەریمان خۆشناو- کوردۆلۆجی، چاپخانەی منارە، هەولێر ٢٠٠٩.
- پێشرەو عەبدوڵڵا حەمە غەریب، کوردۆلۆژی، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی بەیان، هەولێر ٢٠١٦.

- **سەرچاوەی لاوەکییەکان:**

- ئەنوەر قادر محەمەد، چەند وتارێکی کوردناسی، چاپی سێیەم، سلێمانی٢٠٠٨.
- عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی- چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە، چاپخانەی خانی، هەولێر ٢٠٠٩.
- ئەمیر حەسەن پور، سەدەیێک خەبات لەپێناو زمانی کوردیدا: تیۆری، سیاسەت و ئیدائۆلۆژی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی٢٠١٥.
- محەمەدی مەحوی، زانستی زمان، بەرگی یەکەم، سلێمانی٢٠٠٩.
- محەمەد محەمەد یونس عەلی، دەروازەیەک بۆ زمانەوانی، وەرگێرانی: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، چاپخانەی منارە، هەولێر ٢٠١٠.
- رەوشت محەمەد، ئەلفوبێی لاتینی... زمانی ستاندارد"کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتن"، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر٢٠٠٨.
- قەیس کاکل تۆفیق، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٧.
- مەسعود محەمەد، هەندێ بابەتی زمان و رێنوسی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠١١.
- زنجیرەی نووسینی کوردی نوێ، نووسینی کوردی بە لاتینی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد١٩٥٩.
- عەلی سدیق، کێشەی زمانی ستانداردی کوردی "کۆمەڵێک دیالۆگ"، چاپخانەی بینایی، سلێمانی٢٠١١.
- هۆوتوم- شیندلەر، گەنجینەی وشەی زمانی کوردی، وەرگێرانی: حەمید عەزیز، چاپخانەی خانی، هەولێر٢٠٠٨.
- هۆگر تاهیر توفیق، ئەلفو بێی کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی، وەرگێرانی: نەریمان خۆشناو، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٩.
- رەفیق شوانی، چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠١.
- حوسێن محەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٥.
- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١١.
- فواد حەمە خورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، دەزای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٨.

- ڕەفیق شوانی، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، چاپخانەی خانی، هەولێر٢٠٠٨.
- شوکور مستەفا، جوانی زمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر٢٠١٠.
- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بۆ زمان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی٢٠٠٥.
- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر٢٠٠٥.
- ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپخانەی الشباب، بەغداد١٩٥٦.
- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، هەموو بەرگەکان بەگوێرەی پێویستی هەفتەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- فەرهاد پیربال، ئەدەبی نوێی کوردی،
- فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر٢٠٠٤.
- شێخ محەمەدی خال، پەندی پێشینان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق ١٩٥٠-١٩٧٠، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٨.
- هیمداد حوسێن، کولتور و فەرهەنگی کوردی، چاپخانەی خانی، هەولێر٢٠٠٩.
- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ڕوداوەکانی کوردسیان لە ئاوێنەی ئەدەبدا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکراوەی موکریانی، هەولێر٢٠١٠.
- کەیوان ئازاد، جەردەیەک لە مێژووی کورد، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی٢٠٠٦.
- جەمال ڕەشید ئەحمەد- فەوزی ڕەشید، مێژووی کۆنی کورد، وەرگێرانی: ملکۆ کەلاری، چاپی دووەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی٢٠١٢.
- عەتا قەرەداخی، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی٢٠٠٧.
- سۆران حەمەڕەش، کورد کێیە؟، چاپخانەی *YPS- Publishing*، لەندەن٢٠١٣.
- یسپر ئایدم ویورگین لاسو، ڕووپێوێکی جیوپۆلۆتیکی دەربارەی میرنشینانی گردی بناری زاگرۆس، وەرگێرانی: ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٥.
- ئیسماعیل بێشکچی، کوردستان کۆڵنییەکی نێودەوڵەتی، وەرگێرانی: حەمەڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٢.
- ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کورد و کوردستان لە کۆمەڵێ وتاری مێژوویدا، وەرگێرانی: ئازاد عوبێد سالّح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٥.
- کۆمەڵێک لە پسپۆران و ئەفسەرانی ئینگلیز، کورد و کوردستان، وەرگێرانی: حسێن عوسمان و حسێن جاف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٢.

- شوکریە ڕەسوڵ، وەرزو ساڵنامەی میللی لە پەندو شیعری کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.
- عەلی معروف شارەزووری، پەندی پێشینانی کورد، چاپخانەی الحوادپ، بەغداد، ١٩٨١.
- عەلائەدین سەجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ، ١٩٥٢ .
- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ئاراس، چاپی سێیەم، ٢٠١٠.
- کەیوان ئازاد، چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠٦.
- فەرهاد پیربال، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٩.

### ١٧. *خشتەی بابەتەکە:*

| ژ | ناونیشانی بابەت | هەفتەکان |
|---|---|---|
| 1 | • ***مێژووی کوردۆلۆجی***<br>- پێناسەی کوردۆلۆجی ئامانجەکانی<br>- مێژووی بەزانستبوونی کوردۆلۆجی<br>• بە کێ دەوترێ کوردناس؟ مەبەست لە هاتنیان بۆ ناوچە جیاوازەکانی کوردستان.<br>- ***کوردناسە موسوڵمانەکان:*** (محەمەدی کوڕی جەزیری تەبەری (٨٣٩-٩٢٣ز)، حافز عیمادەدین ئەبو فیدای ئیسماعیلی کوڕی کەسیر، ئیبن حەوقەل لەساڵی ٩٧٧ی زایینی کۆچی دوایی کردووە، ئەلمەقدیسی ساڵی ٩٨٥ی زایینی کۆچی دوایی کردووە، یاقوت حەمەوی (١١٧٠-١٢٢٩).<br>- ***کوردناسە ڕۆژئاواییەکان:*** (مارکۆ پۆلۆ ١٢٥٤-١٣٢٤م، قەشە مۆریزیۆ گارزۆنی، ئەلێکسەندەر ژابا (١٨٠٣-١٨٩٤)، باسیل نێکتین ١٨٨٥-١٩٦٠، مینۆرسکی ١٨٧٧-١٩٦٦، کرێس کۆچێرا | |

| | | |
|---|---|---|
| 2 | • کەرەستە و مەتریاڵەکانی بواری کوردناسی<br>• زاراوەی کورد و کوردستان | |
| 3 | • ***مێژووی کورد***<br>- رەچەلەك و مێژووی کورد<br>- قۆناغەکانی مێژووی کورد<br>- کورد پێش میلادی<br>- کورد دوای میلادی | |
| 4 | - کورد لەسەردەمی بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام<br>- کورد لە سەردەمی دەوڵەتی ئەمەویی و سەفەوییدا<br>- ململانێی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان | |
| 5 | - هۆکارەکانی شەڕی چالدێران<br>- کوردستان لە سەردەمی ١٦- ١٧ — ١٨<br>- کوردستان لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم | |
| 6 | • ***شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید***<br>• ***کۆماری کوردستان لە شاری مهابات***<br>• ***پەیمانە نێودەوڵەتییەکان:***<br>- سایکس بیکۆ<br>- کۆنفرانسی ئاشتی پاریز<br>- پەیمانی سیڤەر<br>- پەیمانی لۆزان | |
| 7 | • ***زمـــان:***<br>- زمان چییە؟ تایبەتمەندییەکانی کامانەن؟ | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | - گریمانەکانی پەیدابوونی زمان.<br>- جیاوازی زمانی ئاژەڵ و زمانی مرۆڤـ | |
| | 8 | • ***زمانی کوردی***<br>- بنەچەی خێزانە زمانییەکان<br>- کۆمەڵە خێزانی هیندۆ ئەورووپی<br>- زمانی کوردی و دیالێکتەکانی | |
| | 9 | • ***زانستی زارناسی***<br>- جیاوازی زمان و زار<br>- قسە و نووسین جیاوازی و تایبەتمەندیان<br>- نووسین بە ئەلف و بێی لاتینی | |
| | 10 | • ***ئــەدەب***<br>- ئەدەبی فۆلکلۆر<br>- ئەدەبی میللی<br>- ئەدەبی نووسراو | |
| | 11 | • ***پــەخشــان:***<br>- پەخشان خۆی چییە و بەشەکانی کامانەن. | |
| | 12 | • ***ڕێبازە ئەدەبییەکان:***<br>- ڕێبازە کلاسیك و تایبەتمەندییەکانی<br>- ڕێبازی ڕۆمانتیك و تایبەتمەندییەکانی<br>- ڕێبازی ڕیالیزم و جۆر و تایبەتمەندییەکانی | |
| | 13 | • ***ڕۆژنامەگەری:***<br>- ڕۆژنامەنووس کێیە؟<br>- ڕۆژنامە و ئەرکەکانی | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | - گۆڤار<br>- ڕوڤار | | |
| 14 | • ***ڕۆژنامەگەری كوردی***<br>- پەیوەندی ڕۆژنامەگەری و ئەدەب<br>- هەیكەلی كارگێری ڕۆژنامە | | |

**١٨. پرسیار:**

پ١/ ڕاستو هەڵەی (٥) لەمانەی خوارەوە دیاریبكەو هەڵەكان ڕاسبكەرەوە، بەمەرجێك هێڵ بە ژێردا هاتووەكان نەگۆڕدرێن. ١٠ (نمرە)

- بەشداری یونیڤێرسالّ: مەبەست لەم بەشداریە ئەوەیە كە كورد واتە زاناو رۆشنبیرانی كورد بەشداریان كردووە لە دەوڵەمەندكردنی كلتوری ئیسلام بەنووسین بەزمانی عەرەبی كە زمانی جیهانی ئەو سەردەمە بووە.
- (قەزوینی) یەكەم كەسە زاراوەی (كوردستان)ی بریبێتە سەر ولاّتی كوردان.
- دەوڵەتی عوسمانی بەهۆكاری ئاینی و بەناوی جیهادەوە كوردەكانیان بەلای خۆیان ڕاكێشا چونكە كوردەكان وەلائی تەواویان هەبوو بۆ ئیسلام.
- ئیبن حەوقەل لەم كتێبەكەیدا زۆر بەڕوونی نەخشەی كوردستانی كێشاوە، هەردوو بەشی (جیبال) و (جەزیرە)ی دیاریكردووە.
- كورد لە هەندی ناوچەی وەك ئەرمینیاو ئازەربایجان بوونەتەوە كەمینیەكی زۆر كەم.

پ٢/ ناوی نوسەری پێنج لەم بەرهەمانە بنوسە (كۆمەڵگای كوردەواری لەدیدی رۆژهەلأتناسیدا، تاريخ الامم والملوك، نحوو صرفی كوردی، بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد و هیوای سەربەخۆیی، مجمع البلدان، نزهة القلوب). ١٠نمرە

پ٣/ دەرەنجامەكانی جەنگی یەكەمی جیهانی لەسەر كوردستان چیبوون؟ ئایا هەمموو جەنگێك لەم دەر ئەنجامانەی دەبێت؟ چەند جەنگێك بەنموونە بنوسە.

پ٤/دەگوترێت ئەگەر كوردستان لە سەر دەریا بوایە سوودی گەورەی بۆ كورد دەبوو، ئەو سوودانە لە چ ڕوێكەوەیە ڕای دروست دەربڕە. ٥ نمرە

پ٥/ بە كێ دەگوترێت كوردناس؟ مەبەست لە هاتنیان بۆ ناوچە جیاوازەكانی كوردستان چی بووە ڕوونیبكەرەوە؟

م. بابەت/ م. بێستون عارف عەزیز

**١٩. بابەتی کارەکی نییە:**

**٢٠. تێبینی زیاتر:**

ئەم وانەیە، وانەیەکی فراوانە و گشتگیرە، بۆ شیکردنەوەی زیاتر پشتدەبەسترێت بە هێنانەوەی نموونە بۆ ئەوەی بابەتەکە زیاتر لە کۆزانینی خوێندکاراندا بمێنێتەوە، چونکە لە ڕێگەی ئەم وانەوە دەتوانرێت توانای خوێندکار و ئارەزومەندی بدۆزرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە - بابەتێکە لە نێو خودی مێشکی مرۆڤدا شیکردنەوە دەکات و پەیوەستە بە مرۆڤ و دەوروبەرەکانییەوە. واتە بابەتێکی زیندوو و چالاکە لە نێو کۆمەڵگادا، لەبەر ئەوە بەهایەکی زۆری زانستیی هەیە.

**٢١. ئەم "کۆرس بووک"ە لە لایەن کەسێکی هاوپسپۆڕییەوە، پێداچوونەوەی بۆ بکرێت:**